

## بازنی ڕەنگاڵە دەس

کاتێك نیازت وایە ئێکسسوارێك لە دەست و مەچەکت بکەیت، ڕەنگە تەنیا بیر لە نەخشەکەی بکەیتەوە، یان چۆن لەگەڵ جلەکانت و ئێکسسوارەکانی دیکە ڕێك دەکەوێ، بەڵام هەڵبژاردنی ئێکسسوار پێویستی بە زانیاری زیاتر و کاری دیکەیە، تا ئێکسسوارەکە لە دەستت شیك و ناوازە بێ، هەروەك یەکێك لە مۆدە تازەکانی ئێکسسواری بازنی دەست و مەچەك، کە مارکەیەکی ئەمریکییە بە ناوی (چارۆڵ)، دیزاینەرانی چارۆڵ زیاتر جەخت لەسەر ئەو شێوازە تازانە دەکەنەوە کە لەگەڵ کات و شوێنی گونجاو بەکاردەهێندرێن، هەڵبژاردنێکی دروست و شیاویان بۆ نەخش و دیزاین و ڕەنگی بازنی ئەو وەرزە کردووە و پێیانوایە کە وەرزی زستان وەرزێکی کت و



# ئەو هەنگاوانەی ئاسوودە و دڵخۆشت دەکەن

هەندێ جار چاکترین ماکیاژ و کەرەستە و گرنگی تەواویش بە سەر و سیمات دەدەیت، کەچی هەست دەکەین جوانیت ئەوە نییە کە خۆت مەبەستتە، بۆیە وا هەست دەکەیت گرنگیدانت بە خۆت بێهوودە و بێ ئەنجام بووە، چونکە جوانی رووخسار و شێوە، بە چەندین لایەن و هەنگاو بەندن، لەوانە: خەمخواردن و نائارامیی دەروونی و بێزاری و خەمۆکی، ماندووبوونیش کاریگەری تەواوی لەسەر جوانیت هەیە، بەڵام گەر دەتەوێ هەردەم جوان و شێوەت بەرچاو بێ، ئەو هەنگاوانە پەیڕەو بکە تاوەکو هەمیشە ئاسوودە و دڵخۆش بیت:

- هەوڵبدە خەم لە هەموو شتێك نەخۆیت، کارەکان بە سادەیی و کێشەکان بە سانایی وەربگرە. ئەگەر زانیت کێشەیەك بێتاقەت و بێزارت دەکات، هەوڵبدە چارەی بکەیت، یان داوای یارمەتی لە کەسێکی دیکە بکەیت.
- هەردەم کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ بە، هەروەها ئارام بگرە کاتێك رووبەڕووی کێشە و گرفت دەبیتەوە، ژیانت لە خۆت قورس مەکە و بە سادەیی بژی.
- ئەو ئەرك و کار و کەسانەی دەبنە هۆی نیگەرانی و بێزاریت، بە زووترین کات لێیان دوور بکەوە و هەوڵی ئەوە بدە لەلایەکی دیکەوە قەرەبوویان بکەیتەوە.
- رابردوو لە بیر بکە و بیر لە داهاتووت بکەرەوە، ئەوەی رۆیشت تازە ناگەڕێتەوە و پێویست ناکات خەمی بخۆیت، بۆیە کەسێك بە کە ئاراستەی ژیانت بەرەو داهاتووت بێت نەوەك دواوە.
- ئەرك و کارکردنت خۆشبوێت و تا لە کاتی دەوام و کارکردن بێزاریت پێوە دیار نەبێت، چونکە شێوەی رووخسار بەندە بە ئارامی دەروون و دوور دەکەویتەوە لە نەخۆشییەکانی پێست کە بە هۆی نیگەرانی و بێزاری تووشت دەبن.
- گرنگی بە خۆت بدە، لە بواری جل و بەرگ و پاك راگرتنی جەستە، تەنانەت ماوە ماوە وەرزش بکە و خۆت بە شتێکەوە خەریك بکە، وامەکە کە هەردەم تەنیا بیت و بیر بکەیتەوە.
- با خەو و خواردنت رێك و تەندرووست بن، چونکە جەستەت پێویستی بە خەوێکی باش و خواردنی باشە، ئەوەش دوو هۆکاری سەرەکییە لە نەرمی و جوانی و ڕەنگی سیمات و تەندرووستی پێستت.
- خۆت بێبەری مەکە لە ژیان، بە دڵی خۆت بژی، ئەگەر هەنگاوێك بۆت نەبوو، پێویست ناکات بێزار و نیگەران بیت، گەشبین و دڵکراوە بە، هەروەها هەوڵبدە هەردەم دەم بە پێکەنین بیت.



## ـــــت و مەچەكت رازاوەتر دەكات

مات و هێمنە، لەم وەرزەدا ئەو ڕەنگە سادانە بەرچاو ناكەون و باو نابن، بۆیە جەخت لە ڕەنگی زەق و تۆخ دەكەنەوە، هەر بەوەش ناوەستن، بەڵكو مۆدێكی بازنیان داهێناوە كە لە چەند ڕەنگێك پێكهاتووە و نەخش كراوە، تا ئەو جۆرە ئێكسسوارە لە دوور و نزیكەوە بەرچاو بكەوێ، لە شێوازیشدا، ڕاست و شێوەی وردە و بازنەیی پانە، كە زۆربەیان لە ناوەڕاستەوە بە ڕەنگی ڕەش داپۆشراون و دواتریش چەند ڕەنگێكی دیكەی لەسەر نەخشێنراوە، لە كۆتاییشدا وردە نەخشی بچووكی ڕەنگ گوڵ و زێڕ و ڕەش لە نێوان ڕەنگەكانی دیكەدا دانراون، خانمانیش دەتوانن دوو، یان سێ لەو بازنانە لە دەستیان بكەن و نازیشی پێوە بكەن.





# كراسی مارەبڕین چۆن هەڵدەبژێریت؟

كچان بەر لە ڕۆژی مارەبڕین، خواستیانە كراسێكی جوان و نایابیان لەبەر بێ، تا وەك شۆخێك لە پێش چاوی هاوڕێ و میوانان و ئامادەبووان دەربكەون. چەندین ڕێنماییش بۆ خانمی دەستگیراندار هەن كە ئەگەر پەیڕەویان بكات، دەتوانێ كراسێكی ناسك و جلێكی ڕازاوەی بۆ ڕۆژی ئاهەنگەكەی لەبەر بێت.

باشترە ئەو جلەی مەبەستتە ماوەیەك بەر لە ڕۆژی مارەبڕین دەستنیشانی بكەیت، چونكە لەو ماوەیە كارەكانت زۆر دەبن و ڕەنگە نەتوانی لە دواكاتدا كراسێك هەڵبژێریت، بۆیە پێویستە جلەكەت پێشتر دەستنیشان بكەیت.

- دەكرێ لە ڕۆژی مارەبڕیندا زیاتر لە جلێك لەبەر بكەی، سەرەتا كراس و عەزی، پاشان دەتوانی جلەكەت بكەیتە جلێكی دیكە، وەك جلی كوردی، یان كراسێكی لە ڕەنگێكی دیكە.

- مەرجە جلەكەت لە ڕەنگێك بێت كە لەگەڵ ڕەنگی پێستت، یان ڕەنگی پرچ و ماكیاژەكەشت گونجاو بن.

- زۆر جار كچ و كوڕ، لە نێوان خۆیان ڕێكدەكەون، كە بەشێكی جلەكانیان هەمان ڕەنگ بێ، بۆ نموونە: قەمیس یان بۆینباخی زاوا، لەگەڵ ڕەنگی جلی كچەكە یەك دەكەن.

- چاكترە ئەوانەی كێشیان زۆرە و جەستەیان پڕە، ئەو جلانە هەڵبژێرن كە تەسك بێ و لەو ڕەنگانە بێ كە جەستە بچووك و ورد و لاواز دیار دەخەن، بۆ ئەوانەش كە لاوازن، جلێكی كراوە هەڵبژێرن، تا جەستەیان زیاتر لاوازتر دیار نەبێت، هەروەها ڕەنگێك بێ كە شێوەی زۆر باریك نیشان نەدەن.

- لە بارەی نەخشەوە، هەر یەكەو حەز و خواستی خۆیەی هەیە. هەندێك كراسی سادە و بە نەخشیان مەبەستە، هەندێكی دیكەش لە بەشی سینگ و سەرەوە بە نەخشە و لە خوارەوە سادەیە، بەڵام مۆدی ئێستا لە سەرەوە تەسكە و لە خوارەوەش كراوە و سادەیە.



## ماموستایەکی بە تەمەن قوتابییەکەی دەخوازێت!

ئەویـنـداری و خۆشەویـسـتی دوور و نزیـکـی و گـەورەیـی و بچووکی نازانێت، سـنوورەکانیش دەبەزێنێت لە نێوان ئەو کەسـانەی ئاوێتەی عەشق و هەست و سۆزی یەکتر دەبن. گەورە ئەکتەری سینەما و فیلمی رووسیا (ئیڤان کراسکۆ)، لە ساڵانی بیستەکانی تەمەنیدا، یەکێك بووە لە ئەکتەرە ناودارەکانی رووسیا، تا ئێسـتاش لە کاری نواندن و ئەکتەری بەردەوامە کە تەمەنی (٨٤) سـاڵە، ئێسـتا لە یەکێك لە زانکۆکانی رووسـیا وەك مامۆسـتایەکی زانکۆ لە بواری سـینەمادا وانـە دەڵێتـەوە، دوای ئـەوەی لەگـەڵ یەکێك لە قوتابیەکانی بـە ناوی (ناتالیا شـیفیل)ی (٢٣) سـاڵانە دەکەوێتـە داوی ئەوینداریـیـەوە، ئیدی رۆژێکیان لە وێـستگەیەکی شـەمەندەفەر ئەڵقەیەکی ئەڵماس پێشـکەش بەو کچە بچووکـە دەکات کـە (٦٠) سـاڵ لـە خـۆی بچووکتـرە، کچەکـەش دەسـتبەجێ بـە داواکەی مامۆسـتا رەزامەنـد دەبێ و دواتریش زەماوەنـد دەکـەن، ئیڤـان کراسـکۆ دەڵـێ: تا (٦) سـاڵی دیکـەش گەنجـم و توانام ماوە، ئەوەندەی تەمەنیشـم مـاوە دەمـەوێ لەگـەڵ ناتالیـا لـە ژیانێکی پڕ خۆشەویستی و هەستەوە بژیم.


## باسووق و سج



مێژووی ئەو خواردنە شیرین و بەتامە، بۆ ساڵانی سی و چلەکان دەگەڕێتەوە، لە پێشـوودا لە شـارەکانی دیکەی عێراق دروسـت دەکرا، دواتـر ئـەو خواردنـە لـە سـاڵانی پەنجاکان و شەسـتەکان لـە گوند و هەوارەکانـی کوردسـتان و بـە بەرووبوومی خۆماڵی و دەسـتڕەنگینی خانمان و پیاوانی کوردەواری، باسووق و سجووقی کوردەواری بەرهەم هێنـرا، دوای چەندیـن سـاڵ و تـا ئێسـتاش ئـەو چەرەزەیـە بەرهـەم دەهێندرێـت، یەکێـك لە خاوەنی فرۆشـگاکانی چەرەزات و باسـووق و سـجووقی خۆمانە کە ناوی (عەبدولحەمید)ـە لەسـەر ئەو بەرهەمە میوەییە گوتی: ساڵانێکە ئەو چەرەزاتە دروست دەکرێت. تا ئێستاش خواسـتێکی زۆری لەسـەرە لەلایەن خەڵکەوە، لە زۆربەی شـارەکانی کوردسـتانیش دروسـت دەکرێـن، بەتایبـەت ئـەو شـوێنانەی بـە تـرێ و گوێـز بەناوبانگـن، ئێسـتا لـە گونـد و هەوارەکانـی سـلێمانی و بە تایبـەت بنەماڵـەی تۆفیق حەڵواچی کە کارامەن لە دروسـت کردنی شـیرنەمەنیدا، لە سـلێمانی ناوبانگیان هەیە، هەروەها لە شـەقڵاوە و



## باوی رەنگکردنی ریش و سمێڵە !



ماوەیـەك بـەر لە ئێسـتا لەلایەن ئەو دوو هاوڕێیـەوە چەندین گۆڕانکاری و شـێوە و نەخشـیان لەسـەر ریش و سـمێڵیان ئامادەکرد، بە مەبەسـتی داهێنانێکـی تـازە لـە شـێوە و رووخسـاری مرۆڤـدا، تـا بتوانن لە ردێن و سمێڵیان نمایشێکی بچووك و دیمەنێکی سەرنجڕاکێش نیشان بدەن، (کرۆس ئید و فاسیال)، ئەو دوو کوڕە گەنجەن، کـە لە شـاری پۆرتلاند لـە ئۆریگۆن دەژین، ماوەی (٥) ساڵە کار لەسەر درێژکردن و جوانکردنی ریش و سمێڵیان دەکەن، لە پێشـوودا مۆدی ردێن و سـمێڵی گوڵداریان

## سووقی کوردستان



دۆڵی خۆشناوەتی دروست دەکرێ، جاران باسووق لە دۆشاوی مێوژ و ئاوی ترێ دروست دەکرا، سجووقیش لە نیشاستە و شەکرەوە بوو، بەڵام دوای چەندین ساڵ، گۆڕانکاری بەسەر دروستکردنی ئەو خواردنەدا هاتووە، دوای ئەوەی دۆشاوی مێوژ، یان ترێ دەهێندرێ و ئاوەکەی لێدەگیرێت و پاشان ئاوەکەی دەکوڵێندرێت تا خەست دەبێتەوە، هەروەها گوێز دەهێنن و بە داوێکی پەمووی دەکرێت، کە نزیکەی نیو مەترێك درێژە، پاشان ئەو گوێز بە داوە دەخرێتە ناوی دۆشاوەکە و دەردەهێنرێت تا سارد دەبێتەوە و پاشان پارچە پارچە دەکرێ، سجووقیش لە نیشاستە دروست دەکرێ، دۆشای مێوژ و نیشاستە تێکەڵ دەکرێ تا وەك هەویرێکی لێدێت، خواردنێکی شیرین و مزرە، کە شیرینییەکەی لە گوێزە و مزرەکەشی لە ئاوی ترێ و دۆشاوەوە دێ، نرخی هەر کیلۆیەکی نێوان (٨ تا ١٠) هەزار دینارە، بەڵام بەرهەمەکانی سلێمانی گرانترن، چونکە سجووقی زیاتری تێدایە.




## وڵاتێکی نوێ تەنیا دوو دۆنمە !

لە ساڵی (٢٠٠٥) کوڕە گەنجێکی ئەمریکی بە ناوی (زاك ئیندسبیرگ) دوو دۆنمە زەوی بە بڕی (٦١٠) دۆلار لە بیابیانی شاری یۆتای ئەمریکی کڕیوە، بە مەبەستی بەسەر بردنی ژیانێکی ئارام دوور لە جەنجاڵی و ناخۆشی ژیان لە شارە گەورەکانی ئەمریکادا، هەر ئەو کوڕە گەنجە بیرۆکەیەکی بۆ هاتووە کە زەوییەکەی بکات بە وڵاتێکی سەربەخۆ، بە بڕوای خۆی لە توانایدایە کە وڵاتێکی خۆش بەڕێوە ببات، هەر بۆیە تا ئێستاش کاری لەسەر دەکات، ناوی وڵاتەکەی بە ناوی خۆی و نازناوەکەی کردووە کە ئەویش (کۆماری زاکستان)ـە، تا ئێستاش چەندین کەس پەیوەندییان پێوە کردووە و بەشێکی زەوییەکەیان لەو سەرۆك وڵاتە وەرگرتووە، لە ئێستادا زاك بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن وڵاتەکەی بە سەراپای جیهان رابگەیەنێت و بە پێی یاسا و پرۆتۆکۆڵ مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، بەمەش دەبێتە بچووکترین وڵاتی جیهان، ئەوە دوای ئەوەی ڕێگەی پێبدرێت کە ببێتە وڵات و لە ناوخۆی ئەمریکا و لە ئاستی وڵاتانی جیهانی دانی پێدا بنرێت.





هێنایە کایەوە، ئەمجارەیان گۆڕانکارییان لەو مۆدە کردووە، ئەویش بە ڕەنگکردنی ردێن، واتە ئەوانەی سمێڵ و ردێنیان درێژە، دەتوانن ڕەنگێك لە ریش و سمێڵیان بدەن، هاوتای ڕەنگی قژ، ئەو دوو گەنجە دەڵێن: هەروەك چۆن ڕەنگی چاوەکان و پرچ دەگۆڕدرێن، بەم چەشنەش دەتوانین ریش و سمێڵمان بە چەندین ڕەنگی جۆراوجۆر ڕەنگین بکەین، نیازیشیان وایە کە دوای ئەوەی ئەو مۆدە دەهێننە کایەوە، سەردانی زۆربەی وڵاتانی جیهان بکەن، بە مەبەستی ئاشناکردنی خەڵکانی جیهان بەم چەشنە ڕەنگ کردنەی ریش و سمێڵ.

# هۆزێکی جیاواز لە هەموو خەڵکی جیهان!

لە دوای چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی، وا دەرکەوتووە کە جەستەیەکی تەندرووست بە خواردنێکی باش و وەرزش کردن و خۆ پاراستن لە ماددەی کهولی و زیانبەخش، هەموو ئەوانە تەمەنی مرۆڤ درێژ دەکەن، بەڵام لەلای ئەو هۆزە، ئەوانە بەبێ ئەوەی کارێك بکەن، هەر خۆیان تەمەنیان لە سەرووی (١٠٠)ساڵانە و تا درەنگانێکی تەمەنیش ئافرەتەکانیان دووگیان دەبن و منداڵیان دەبێ، ئەو هۆزە ناوی (هۆنزا)یە، لە زنجیرە چیایەکانی هیمالایا دەژین، وەك ئەوەی لە هەموو جیهان بە دوور بن، زۆربەی خەڵکی ئەو شوێنە و هۆزە تەمەنیان دەگاتە نزیکەی (١٤٥) ساڵ، هەروەها بە دڵخۆشترین خەڵکی جیهان دادەنرێن، ئەوەی سەیرە زۆربەی ئافرەتەکانیشیان تەمەنیان لە سەرووی (٩٠) ساڵانەیە و دووگیانیشن، کاری ئەو هۆزە بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریکن، هەروەها رۆژانە تەنیا (٢) ژەم دەخۆن و خواردنەکانیشیان زیاتر میوە و سەوزەیە.



## یاری پیت

هەوڵبدە لە ریزکردنی ئەم کۆمەڵە پیتە، ناوێك دروست بکەی:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ا | ە | د | ل |

ئاسانکاری: ناوی ئۆتۆمبێلێکە!



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**
ماوەیەکە بیر لە هەنگاوەکانت ناکەیتەوە و لە خۆتەوە هەموو کارێك دەکەیت، هەر ئەوەشە کێشەت بۆت دروست دەکات، هەست بە ناجێگیریی باری دەروونیت دەکەیت. گۆڕانکاری لەناکاو بەڕێوەیە و رەنگە گرفتت بێتە پێش، بۆیە بە وریاییەوە هەڵسوکەوت بکە و باری داراییشت باشتر دەبێت.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**
بڕیاری بە پەلە دەبێتە هۆکاری شکست و هەڵەکردن، راستگۆییت لەگەڵ کەسی بەرامبەر وای کردووە کە بە بەرزی سەیرت بکات، ئەگەر خەریکی ئەنجامدانی پرۆژەی گرنگیت، ئەوا ئێستا جێبەجێی مەکە، چونکە ئەنجامێکی باشی نابێت، لایەنی سۆزداریشت بەرەو باشی ناچێت.



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**
بەر لە هەنگاوەکانت دەبێ پێشبینی هەموو ئەنجامێك بکەیت، رەنگە بە باش و رەنگە بە خراپ بۆت بگەڕێتەوە، بۆیە یاخی مەبە و بەردەوام بە. بارودۆخی ژیانت هەندێك گۆڕانکاری تیا رووددات و مزگێنی خۆشیشت پێ دەگات، دەرفەتێکی باشیش لە بواری خۆشەویستییەوە بۆت رێکدەکەوێت.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**
ساتە وەختێکی خۆشە بۆت و یارمەتی کەسێکت پێدەگات، کە بە دڵتە و لەو کەسەش رازی تا ئێستا، متمانەت بە خۆت زیاتر بێ و رەنگە ئەمڕۆ بەدڵی تۆ کارەکان نەڕوات بەڕێوە، بەم شێوەیەی کە پلانت بۆ داڕشتووە، بۆیە کەمێك دڵگیر دەبیت و ئارامیء هێمنی خۆت لەدەست دەدەیت.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**
کاتێکی زۆرت لە پێشە تا بتوانی هەڵەکەت چاك بکەیتەوە و لەگەڵ ئەو کەسەش ئاشنا بیتەوە کە ماوەیەکە کێشەتان هەیە. بڕوات بە کەسانێك نەبێ کە تازە دێنە نێو ژیانت، بۆیە دەبێ شارەزایی و ئاشنای کەسانی دەوروبەرت بیت، کەسێکی بەسۆزی و دڵت گەورەیە.



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**
هەوڵدانی بەردەوامت، مانای ئەوەیە نییە کە کارەکانت بۆت نابن، بەڵکو دەبێ هێشتا بەردەوام بیت، تا دەگەیتە ئەو ئامانجەی مەبەستتە، لەوانەیە پەیوەندیت بە کەسانێکەوە بپچڕێت، ئەگەر بەتەمای پەیوەندیەکی سۆزدارییت ئەوا کاتەکەی لەبار و گونجاوە، بیری خراپە لە مێشکت ببە دەرەوە.

## بۆ زانیاریت



**- باخچە هەڵواسراوەکان**

باخچە هەڵواسراوەکانی بابل، بە یەکێك لە حەوت سەیر و سەمەرەکەی جیهان دادەنرێت، مێژووی ئەو باخچە هەڵواسراوە بۆ سەردەمی ئەکتان و کەیخوسرەو دەگەڕێتەوە، دوای ئەوەی کەیخوسرەو پاشای مادەکان و (نەبوپلاسەر) پاشای بابلیەکان لە دژی ئاشوورییەکان لەساڵی (٦١٤پ.ز) هاوپەیمانێتییان بەست و بەم جۆرە توانییان بە یەکجاری ئاشوورەکان بڕووخێنن، بۆ پتەوکردنی هاوپەیمانیەتییەکەیان و زیاتر نزیك بوونەوە کەیخوسرەو کچەکەی خۆی (ئامیتیس)ی دا بە شازادەی بابل (نەبوخەزنەسەر)، کە لە دوای باوکی بووە پاشای بابل، (نەبووخەزنەسەر) وەك دیارییەك بۆ شاژنە میدییەکەی ئامیتیس فەرمانی دا بە دروستکردنی باخچەیەکی هەڵواسراو، باخچەیەك هاوشێوەی سرووشت و ناوچە شاخاوییەکانی هەمەدانی بێت، کە بریتیی بوو لە قوللەیەکی بەرز لە شێوەی شاخێك و ناشتنی دار و درەخت و گوڵ و گوڵزار تێیدا. بەڵام بۆچی بیرۆکەیەکی وا سەرسوڕهێنەر کە بریتییە لە دروستکردنی بەرزایەك لە شێوەی شاخ لە ناوچەیەکی تەختای وەك (بابل)! نەبوخەزنەسەر بڕیاری دروستکردنی باخچە هەڵواسراوەکانی داوە تا بتوانێت سروشتێکی هاوشێوەی زێدی هاوسەرەکەی دروست بکات، تا بەو کارە شاژنەکەی دڵخۆش بکات.



## پەند و وتە

**- ستیڤن هاوکینگ، گەورە زانا و پرۆفیسۆری بەریتانی، بۆ بیرکردنەوە و عەقڵی کەسانی هێمن و بێدەنگ دەڵێ:**

وامەزانن ئەوانەی هێمن و بێدەنگن، کەسانێکن هیچ نازانن، رەنگە هەبێ نەزان بێ، بەڵام زۆربەیان ژیر و زیرەکن، بیرکردنەوە و عەقڵی ئەوان، سەرقاڵتر و دژوارترە لە کەسانی زیرەك و دانا.


# کەشتییەکی مراوی!

بیرۆکەی دروستکردنی کەشتی بارهەڵگر و فڕۆکە، لەو باڵندە خۆماڵی و بچووکە وەرگیراوە، کە ئێستا هەزاران کەشتی دەریایی و فڕۆکە و بارهەڵگر لە نێو ئاسمان و ئاوی رووبار و دەریا و زەریاکاندا هەن، جگە لەوە چەندین فڕۆکە هەن شێوەیان لە شێوەی باڵندەکان وەرگیراون، ئەو مراوییە بچووک و پشت درێژە لە باخچەی کوین پارک لە شاری لانکشایری ئینگلیزی وێنەی گیراوە، کە بە باڵندەی (هییۆود) ناسراوە، درێژی پشتی نزیکەی نیو مەتر دەبێ، دەتوانی زیاتر لە (٢٠) بێچووی بخاتە سەر پشتی و مەلەش بکات، لەم وێنەیەدا (١٦) بێچوو بەسەر پشتی مراوی دایکەکەن، هەر وەك ئەوەی کەشتییەکی بێچووە مراوی هەڵگر بێت.



## کاریکاتێر

- لەم وێنەیە باس لە رۆڵی قوتابی و مامۆستا دەکات، کە چۆن شێوە و عەقلی قوتابییەکی تازە کە دەچێتە قوتابخانە، دوای ئەوەی لەلایەن مامۆستاوە پەروەردە و فێرە خوێندن و رەوشتی دەکرێت !





### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

گۆڕانکاری لە ژیانتدا پێویستە و هەوڵ بدە بە سەر کێشە و گرفتەکاندا زاڵ بیت، پاشان دەست بە گۆڕانکاری بکە و بیریش لە داهاتوو بکەرەوە. هەندێك گۆڕانکاری بەرەو کێشەت دەبەن بەتایبەتیش لەبواری داراییەوە، بۆیە ئاگاداری خۆت بە و لە هەموو کارێك نزیك مەبەوە.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

بروات بە کارەکانت هەبێ و ڕێگە مەدە کەسانێك ژیانت لێ تێکبدەن، تەنیا متمانە بەو کەسە بکە کە لێت نزیکە و هەردەم لەگەڵتە، گەشبینی پێویستە بۆت، چەند پێشهاتێك دێتە پێشەوە کە پاڵت پێوە دەنێت لە بواری کۆمەڵایەتیدا بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێیت، ئاگاداری باری تەندروستیت بە.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

کاتێك رووبەڕووی کێشە و گرفتێك دەبیتەوە، پێویستە ناکات ئەوەندە خەمی پێوە بخۆی و بێزار بیت، وا چاکترە هەوڵی چارەسەریان بدەیت. دڵت شاد دەبێت و کەمێك دەحەسێیتەوە و لە کێشە و گرفت رزگارت دەبێت، هەروەها لەئەنجامی هەڵسوکەتی کەسێکی نزیکت شاد و گەشبین دەبیت.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

دوودڵ مەبە لە یارمەتیدانی کەسانی دیکە، هەر ئەو یارمەتییەیە لە داهاتوو بە باشە بۆت دەگەڕێتەوە، لە کارەکانتدا دەرگایەکی نوێت بۆ دەکرێتەوە. هەروەها بارودۆخێکی پڕ بەخت و خۆشی دێتە پێش ء لەگەڵ کەسانی تازەدا چەند چاوپێکەوتنێکی گرنگ ئەنجام دەدەیت.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کەسێکی شیاو بە لە بەرچاوی هەموان، مەهێڵە هاوکارانت بە هەڵە لێت تێبگەن و هەست بە کەسانی دیکە بکە و بیروڕای خۆت بە زۆر مەسەپێنە بە سەر کەسانی دیکەدا. هەروەها لە بواری تەندروستییەوە هۆشیاری خۆت بە و زیاتر گرنگی بە خۆت بدە، کەسێکی زیرەك و کارامەی.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

کارەکانت بە جوانی بەڕێ دەکەیت و بەڵام هەندێ جار کێشەت بۆ دروست دەکەن. ئارەزوویەکەت دێتەدی کە کاتەکەی گونجاوە. گرنگی بە کەسانێك مەدە کە شایستە نین، کاتێکت لە بەردەمە تا داهاتووت دەستنیشان بکەیت و رابردووش لە بیر بکەیت، کەسێکی جوان بیر دەکەیتەوە.

## مانای خەون

**- هەنگوین**

ئەگەرچی هەنگوین خواردنێکی خۆش و تەندرووستە بۆ مرۆڤ و زۆربەمان دەیخۆین، بەڵام جارجارەش لە خەودا ئەو خواردنە دەبینین. ئەگەر لە خەودا هەندێ جار هەنگوین دەخۆیت، یان بڕێکی زۆری هەنگوین بەرچاوت دەکەوێ و دەیدۆزیتەوە، با بزانین مانای چییە. ئەگەر لە خەودا هەنگوینت خوارد، واتە کارەکانت بە جوانی و بە پاکی بەڕێدەکەیت و کێشە و گرفتت نییە، مەبەست لەوە کە سەرچاوەی داهات و کارەکانت بە حەڵاڵی دەستدەکەوێت، ئەگەر لە خەودا ببینیت کە هەنگوینت دۆزیوەتەوە، یان لە پێشت دانراوە، واتە سامانێکی پاك بەڕێوەیە و دەستکەوتێکی ماددی و پارە و پوولت پێدەگات، هەروەها ئەگەر لە خەودا هەنگوێنت بە دیاری بۆ هات، واتە تۆ کەسێکی خۆشەویست و جێگەی بایەخی لەلای زۆربەی کەسوکار و ئەوانەی لە دەوروبەرتدا دەژین، ئەگەر تۆش هەنگوینت بە کەسێك دا، مانای ئەوەیە ئەو کەسە لەلات کەسێکی گرنگ و بە نرخە.





## فێڵکاری

- لەم وێنەیەدا، باڵەخانەیەکی گەورە و چەندین دەرگا و خانووی تێدایە، هەوڵبدە ئەو کەسانەی لە وێنەکەدا دەبیندرێن بیانژمێرە و جێگەکانیان دەستنیشان بکە.



## نـوکـتـە

- یەکێك ئاگری تێبەردەبێ، کۆمەڵێك کەس فریای دەکەون و بە هەر حاڵ دەیکوژێننەوە. کاتێك دەیبەنە نەخۆشخانە بۆ چارەسەرکردن، دکتۆر دەڵێ: ئەوە سووتانەکەی ئەوەندە نییە، بەڵام هەموو گیانی بۆ وا شکاوە؟ ئەو خەڵکەی هێنابوویانە نەخۆشخانە، گوتیان: دکتۆر ئاو نەبوو، بە خاکەناس کوژاندمانەوە!